

### کچە گۆرانیبێژ مەشاعل بۆ گوڵان:

# ڕاگەیاندن و جەماوەر ئەستێرە دروست دەکەن

مەشاعل کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانییە کە وەك خۆی دەڵێت لە سەرتای کاروانی هونەرییە، بە حوکمی ئەوەی ماوەیەك لە سعودیە ژیاوە زۆر جار بەو سعودیش ناو دەبرێت، بەڵام بە ڕەچەڵەك خەڵکی لوبنانە، بەپێی پێشبینی چاودێران و بە هۆی بوونی بەهرەی هونەری چاوەڕێی پاشەڕۆژێکی ڕووناك و پرشنگداری لێدەکرێت، و هونەرمەندی ناوداری میسری هانی شاکر هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی بەشداریی بکات لە دۆیتۆیەك دوای ئەوەی سەرسامی خۆی بە دەنگ و بەهرە هونەرییەکانی ئەم کچە دەربڕی، لە پەیوەندییەکدا مەشاعل بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە

*** حەزمـــان کرد لە ســـەرەتادا هەندێك لە ژیانی هونەری خۆتمان بۆ بکەی؟**

- تەمەنی هونەریم زۆر درێژ نییە، چونکە من ئێستا خۆم لە سەرەتای کاروانەکەدا دەبینمەوە، بەڵام من وا هەست هەر لەو کاتەوەی کە منداڵ بووم هونەر لەناخی مندا هەبوو و چەکەرەی کردبوو، هەر لە منداڵییەوە حەزم لە گۆرانی گوتن بوو و لە قوتابخانەدا ئاهەنگم ساز کردووە.

*** کێـن ئەوانـەی زیاتر هانیـان دای بۆ گۆرانی گوتن؟**

- بەر لە هەموو شتێك من ئارەزووی گۆرانی و مۆسیقام هەبوو، چونکە هونەر کارێکە بەر لە هەموو شتێك ئەو کەسەی گۆرانی دەڵێ دەبێ ئەو توانا و بەهرەی هەبێت، خانەوادەکەم زۆر هاوکاریان کردم، هەروەها هەندێك برادەر و هاوڕێی دیکەش، بەڵام وەك گوتم من خۆم ئارەزووی گۆرانی گوتنم هەبوو بەر لەوەی کەس هانم بدات.

*** هەندێك کەس دەڵێن مەشـاعل سعودییە هەندێك تر دەڵێن لوبنانییە، تۆ دەڵێی چی؟**

- من بۆ خۆم لوبنانیم، بەڵام لە سعودیە پەروەردە و گەورە بووم و لە ناوچەی کەنداو ژیاوم( لە سعودیە) بۆ پەروەردە و ژیانم هەمووی هەر لەوێ بووە و فێرە شێوەزاری قسە کردن و چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی ئەوان بووم، بۆیە کە جاری یەکەم دەرکەوتم و لەگەڵ رۆژنامەنووس و کەناڵەکانی تەلەفزیۆن قسەم کرد، لەبەر ئەوەی شێوەزاری ئەوانم باش دەزانی و کەمتر لوبنانیم دەزانی خەڵك پێی وابوو من سعودیم، بەڵام من شانازی بە وڵات و رەگەزنامەی خۆمەوە دەکەم و پێم وایە ئەوەی خێری بۆ وڵاتی خۆی نەبێت بۆ کەسی دیکەشی نابێت، و زۆریش شانازی بە نازناوی ( لبنانیە الخلیج)ەوە دەکەم.

*** لە رووی هونەرییەوە بۆ تۆ گۆرانی گوتن بە شێوەزاری کەنداوی ئاسانترە یان شێوەزارەکانی دیکە؟**

- ئەوەی راستی شێوەزاری کەنداوی بۆ من ئاسانترە، چونکە یەکەم شێوەزاری قسە کردنە کە من لە ژیانمدا فێری بووم و قسەم پێی کرد، بەڵام من دەتوانم بە شێوەزارەکانی دیکەی وەك میسری و لوبنانیش گۆرانی بڵێم، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە شتێك بکەم ئەویش ئەوەیە هەر کەسێك بە تەواوی شێوەزاری کەنداوی نەزانێت ئاسان نییە بتوانێت گۆرانی پێ بڵێت.

*** تـۆ لە گۆرانی گوتن و کاری هونەری بە گشتی هیچ هێڵێکی دیاریکراوت هەیە؟**

- بەڵێ بێگومان، چونکە سەرکەوتن لەوەوە دێت کە مرۆڤ پلانی باش و راستی بۆ شتەکان هەبێ، گرنگترین ئەو خاڵانەی من گرنگییان پێ دەدەم ئەوەیە بە باشترین شێوە لەبەردەم جەماوەر دەرکەوم و لە کارە تایبەتییەکانم ورد بمەوە، هەروەها من بە شێوازی کۆمەڵ کار دەکەم لەنێوان خۆم و بەڕێوەبەری کارەکانم و هەموو ئەوانەی لەگەڵم کار دەکەن و سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە، ئەگەر هەنگاوەکانیشم بە جۆرێك لە جۆرەکان هێمن و لەسەرخۆ بن، بەڵام ورد و لەجێن و سوپاس بۆ خوا ئەوەی دەمەوێ تا ئێستا هاتووتە دی.

*** ئەگەر کەسێك زۆر بە توندی رەخنەت لێ بگرێت هەڵوێستت چۆن دەبێ بەرامبەری؟**

- بەشێوەیەکی گشتی من لە رەخنەی نارازی نیم و پێی تووڕە نابم، بە پێچەوانەوە رەخنە هونەرمەند دروست دەکات و رێی راستی پێ نیشان دەدات، جا رەخنەکە لە کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند بێت یان راستەوخۆ لە لایەن جەماوەرە بێت، من زۆر دڵخۆش دەبم کاتێك گوێ لە رەخنەکانیان دەگرم بۆ ئەوەی لێی فێر بم و ئەوەی رەخنەیان لەسەری هەیە راستی بکەمەوە، بەڵام بە مەرجێك ئەگەر رەخنەکە بنیاتنەر بێت و ئاراستە نەکرا بێت بۆ مەبەستی تایبەتی و بچێتە ناو تایبەتمەندییەکانی ژیان و بریندار کردنی هەستی من، چونکە بە هیچ شێوەیەك ئەمە قبوڵ ناکەم.

*** ئایا حەز دەکەی تەقلیدی کەسێك بکەیتەوە؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك حەز ناکەم تەقلیدی کەس بکەمەوە، سوپاس بۆ خوا من ستایلی تایبەتی خۆم هەیە لە گۆرانی گوتن، هەروەها بە هەستێکی تایبەت گۆران دەڵێم تەنانەت ئەگەر کاری هونەرمەندێکی دیکەش پێشکەش بکەم بە شێوازی خۆم دەیڵێمەوە جا پیاو بێت یان ئافرەت.

*** کەواتە بیرت لەوە نەکردۆتەوە تەقلیدی هیچ ئافرەتێکی هونەرمەند بکەیتەوە؟**

- نەخێر وەك پێشتر گوتم و دووبارەی دەکەمەوە گۆرانی کەسانی دیکە دەڵێمەوە، بەڵام بە هەستی تایبەتی خۆم.

*** گۆرانی گوتن لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکان چی دەگەیەنێت و تا ئێستا لەگەڵ گۆرانیت گوتووە؟**

- گۆرانی گوتن لەگەڵ هونەرمەندە گەورە و ناودارەکان دەرفەتێکی گرنگ و گەورەیە، بەڵام مەترسیداریشە، چونکە ئەگەر هونەرمەندێك لە سەرەتادا بێت و دەرکەوتنی بە هێز نەبێت ئەوا تووشی رەخنە دەبێتەوە و جەماوەر خۆشی ناوێت و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکە بەراوردی دەکەن کە گۆرانی لەگەڵ دەڵێت بەمەش زۆر شت دەدۆڕێنێ و هیچ بەراوردکردنێك لە بەرژەوەندی ئەودا نابێت، سوپاس بۆ خوا من شەرەفی ئەوەم هەبووە گۆرانی لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکاندا بڵێم وەك هونەرمەند عەبدولمەجید عەبدوڵڵا لە گۆرانی (هیبە ملك) کە سەرکەوتنێکی بێ وێنەی بەدەستهێنا،هەروەها شەرەفی ئەوەم هەبووە لەگەڵ هونەرمەند هانی شاکر دۆیتویەك پێشکەش بکەم ئەمەشیان سەرکەوتوو بوو و خەڵاتی باشترین گۆرانی لە کوەیت بەدەستهێنا.



تا ئێستا دووچاری گرفتێك نەبوویتەوە لەگەڵ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی هونەری؟

-بێگومان دووچاری گرفتی زۆر بوومەتەوە یەکەمیشیان لەگەڵ کۆمپانیای رۆتانا، قەت ئەو تەڵەیە لەبیر ناکەم کە لەگەڵیان تێیکەوتم، بەڵام با زۆر باسی ئەو بابەتە نەکەین، چونکە پێویستی بە گفتوگۆیەکی تایبەت هەیە.

*** تا ئێستا چین ئەو کۆمپانیایانەی داوای کار کردنیان لەگەڵ کردووی؟**

- وابزانم زۆربەی هەر زۆریان کاریان پێشکە کردووم و گرێبەستی زۆریانم هەیە، بەڵام هیچیان بۆ من گونجا



نەبـــوون، دواییین جاریـــش کۆمپانیای (عالم الفن)ی میسری ئەو داوایەیان کردووە پێش ئەوانیش رۆتانا، بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ مـــن گونجاو نەبـــوون بڕیارمداوە بـــە تەنیا بۆ خـــۆم کار بکەم و لـــەو رووەوەش بەڕێـــز ئەحمەد موســـتەفا وەك بەڕێوەبـــەری کارەکانم زۆر یارمەتیم دەدات.

*** کە روو لە کاری نواندن دەکەیت؟**

- لـــە راســـتیدا زۆر جار ئەم داوایەم لێکراوە کـــە روو لە نواندن بکەم، دواییین جاریش داوایان لێکردم بەشـــداری بکەم لە زنجیـــرەی (هوامیر الصحـــراء) کـــە لە مانگی رەمەزان نمایش کرا و رۆڵەکەش زۆر بوو واتە لاوەکی نەبوو، بەڵام من ئـــارەزووی ئەوەم نەبوو کاری نواندن بکەم و دەمەوێ زیاتر بە گۆرانی گوتن بدەم.

*** چ گۆرانییـــەك بووە هۆی دەرکەوتنی مەشاعل و ناسینی لە لایەن جەماوەرە؟**

- گۆرانی (کید النساء).

*** بۆ ســـەرکەوتن زیاتر پشت بە چی دەبەستی؟**

- هەمیشـــە پشـــت بە بەهرەی دەنگ و هەســـتی هونەری دەبەستم کە خوا پێی بەخشیوم، خۆشەویستی خەڵکیش لە لایەن خواوە دەبێـــت، هەروەها حەز دەکەم راوێژ بە کەســـانی دەروبەری خۆم بکەم لە کارەکانـــدا و تـــا رادەیەکی زۆریش پشتیان پێ دەبەستم لە هەڵبژاردنی کارەکانم.

*** ئایـــا لـــە دەزگاکانـــی راگەیاندن شـــتێك دەربارەی تۆ نووســـراوە کا کاریگەری بەسەرتەوە هەبێت؟**

-ئـــاە لـــە راگەیاندن، لە یەکـــەم دەرکەوتنی من نووسیان ( کچە هونەرمەندی سعودی مەشاعل) هەر ئەو قسەیە لە بەشێکی زۆری دەزگاکانی راگەیاندن بە شـــێوازی جیاجیـــا بڵاوکرایەوە ئەمەش هەســـتێکی ناخۆشی دروستکرد لە لای کەسوکارەکانم لە لوبنان و وایانزانی من بەم شـــێوەیەك راگەیاندووە کەچی من هیچ گوناهم نەبوو بەڵکـــو دەزگاکانی راگەیاندن وایان نیشاندا کە من گۆرانیبێژێکی سعودیم، بێگومان شـــانازی بەوەوە دەکەم کە سعودی بم، چونکە لەوێ ژیاوم، بەڵام لوبنان وڵاتی خۆمە وشانازیی پێوە دەکەم.

*** بـــڕوات بەوە هەیە کە لـــە داهاتوودا دەبیت بە ئەستێرەیەکی بەناوبانگ و گەورە؟**

- هیوادارم ئەم قســـەیەی تۆ وا دەربچێت و ئێوە ببنە مایەی خۆشی و شانسێکی باش بۆ ئێمـــە، بێگومان من ناتوانـــم ئەمە بڵێم و ئەم کارە دەوەســـتێتە ســـەر خەڵك و ئێوەی راگەیاندنکار و جەماوەرە ئەســـتێرە دروست دەکات، هیـــوادارم رۆژێك لـــە رۆژان ببم بە ناوێکی گەورەی نێو هونەرمەندان.

***ئـــەی کـــەی لـــە گۆرانـــی گوتن دەوەستی؟**

- جا من هێشتا دەستم پێکردووە تا بوەستم، واز لـــە گۆرانی گوتن ناهێنم، چونکە زۆرم خۆشدەوێت.

***کێ جلوبەرگەکانت دیاری دەکات؟**

- من دیزاینەرێکـــی جلوبەرگم هەیە کە لەگەڵـــی کار دەکەم، بەلام ئـــەوەی لەگەڵم هەڵیاندەبژێـــری و یارمەتیـــم دەدات ئـــەوە دایکمە.

*** چۆن کاتەکانت بەسەر دەبەی؟**

- حەز دەکەم زۆربەی کاتەکانم لە ژەنینی پیانۆ بەســـەر بەرم، هەروەها حەز دەکەم زۆر لەگەڵ خێزانەکـــەم و هاورێیەکانم بم ئەگەر هیچ پابەندبوونێکم نەبێت.

*** ئایا ســـعودیەکان نارازی نەبوون لەوەی پێت بڵێن سعودی؟**

- نەخێر، چونکە من هونەرێکی ئست نزم پێشکەش ناکەم و سوپاس بۆ خوا ئەوان پێش هەموو کەسێك پشنگیرییان کردم و پێویستە ئەوەش بڵێم کە سعودیەکان زۆر رێز لە هونەر دەگرن.

*** چیـــت مـــاوە بیڵێی بـــۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان؟**

- سوپاســـیان دەکـــەم کە رێگایـــان پێدام لەســـەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەیـــان دەرکەوم، رێـــز و خۆشەیســـتیم بۆیان هەیـــە هیوای کاتێکی خۆشـــیان بۆ دەخـــوازم و هیوادارم ئاگاداری هەواڵ و دیدارەکانم بن لە رێگای گۆڤارەکەتانەوە، هیوادارم بێزارم نەکردبن بەو گفتوگۆیە.



# نێوانی باخان و هەڵکەوت زاهیر ئاڵۆزی تێکەوت!!

**دوای ئەوەی گوڵان زانی پەیوەندی باخان و هەڵکەوت زاهیر تێکچووە، گوڵان پەیوەندی بە باخان کرد و سەرچاوەیەکی نزیك لە باخان بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان دوا:**

ماوەیەك بوو باخان خەریکی کارەکانی سیدییە نوێیەکەی بوو و کلیپێکیان بۆ یەکێك لە گۆرانییەکانی سیدییەکە کرد، بەڵام گرفتێك روویدا بووە هۆی نەمانی رێکەوتنەکەی نێوانیانمان، ئیتر ئێمەش گەراینەوە، ئەو رێك نەکەوتنە بووە هۆی تورەبوونی هەردوولا لەسەر کلیپەکە گوایە کلیپەکە قورسە و نەدەبوایە بەو شێوەیە بێت کە پێم وایە شتەکان سادە بوون، باخانیش بە هەڵکەوت زاهیری گوت:تۆ کلیپێك دەکەی و ١٠٠ هەزار دۆلار وەردەگری بۆ کۆمەڵێك و ٢٠٠ دۆلاریش بۆ یەکێکی دیکە ئەوا من کارەکەم ناکەم و وازی لێ دەهێنم و ئەوەش سیدییەکەت، هەروەها کۆمپانیای شادان فیلم کلیپێکی بۆ باخان بە خۆرایی و خۆ بەخشین کردبوو و چاوەرێی هاتنەوەی باخان بوون بۆ ئەوەی لەگەڵا هاتنەوەی ریکلام بۆ کۆمپانیایەکە بکات، بەڵام پێدەچێت ئەم کۆمپانیایە زەرەری کردبێت و هەرەشەشی لێکرابێت کە باسی نەکەن ئەم جۆرە گرفتانە لە نێوانیاندا هەیە.

پێشتر کاك دلاوەر لەگەڵ باخان و هەڵکەوت زاهیر ئیمزایان کرد کە کلیپەکە دیاری بێت بۆ باخان و بەسەر هەموو کەناڵەکاندا دابەشی بکەن واتە تەنیا لە کۆرەك تیڤی پەخش نەکرێت بەڵکو لە هەموو کەناڵەکان و دابەش کردنی کلیپەکەش بەر لە بلاوکردنەوەی بەرهەمە نوێیەکەی دەبوو، کلیپەکە بە ناوی (شێتی) بوو لە قەڵای خانزاد قەڵای هەولێر و چەندین باخچەی هەولێر وێنەکانی گیراوە.

دەربارەی بریاری وازهێنانی لە گۆرانی سەرچاوەکە گوتی: کاتێك تۆ لەگەڵ بەرێوەبەرەکەت یان شوێنەکانی تردا کەوتیتە گێژاوێك وابزانم هەموو شتەکان فرێ دەدەیت و دێیتە دەرەوە، ئیتر ئامادە نییە تەنازولی بۆ بکات، باخانیش کاتێکی زۆری خۆی تەرخان کردووە و ساڵێك دوو ساڵ لە قوتابخانە دواکەوت بێ ئەوەی کەسێك ئاورێکی لێ بداتەوە، بۆیە باخان بریاری کە تا بارودۆخی هونەری کوردی بەو شێوەیە بێت، ئەو ئافرەتەی ریزی خۆی بگرێت ریزی نەگیرێت و پشتگوێ بخرێت و بە پێچەوانەوە ئەوەی ریزی خۆی ناگرێت ریزی لێ بگیرێت لە کوردستان من واز لە هونەر و گۆرانی گوتن دەهێنم، ئیتر ئەگەر لە داهاتوودا بارودۆخەکە چاك ببێتەوە لەوانەیە بگەرێمەوە سەر هونەر و گۆرانی گوتن، بەڵام ئێستا نەخێر بیری لێناکەمەوە و روو لە ژیانی ئاسایی خۆم دەکەم، چونکە هەست دەکرێ کوردستان هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵ کراوە و لە رووی هونەرییەوە پێدەچێت نیوەی بودجەی کوردستان بۆ هونەر تەرخان کرابێت کەچی بەداخەوە هەموو هونەرمەندانیش گلەیی دەکەن، چونکە تەنیا سێ چوار کەس بە ئیسراحەت و بە لەززەت دەیخوات و ئەوانی تریش هەموویان بەدوای کەسێکدا را دەکەن.

دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ئەو ناکۆکییەش سەرچاوەکە گوتی: هەست دەکرێ جۆرە پلانێك هەبووبێت، ئێمە میوانداریەکی گەورەمان بۆ کرا و چەندین کەس ئامادەی بوون لەوانەش یەکێك لەو کچە هونەرمەندانەی کە هەڵکەوت زاهیر زۆر گرنگی پێدەدات ئامادەی بوون، بەڵام ئێمە شەو لەوێ نەماینەوە و دواتر نازانم هۆکاری چی بوو ئەم گرفتە بەو شێوەیە گەورە کرا و کارەکەی باخان هەڵوەشایەوە، نەمانەوەی باخان بەشەو لەو شوێنە، هەڵکەوتی تورە کرد!!! هەست دەکەم لە کوردستان هونەری بۆ هەندێك مەرام و غەریزەی تایبەتی و مەبەستی تاکە کەسی بەکاردەهێنرێت دوور لە پەیامە راستەقینەکەی خۆی، بۆیە هەوڵ دەدەین لە سەردانی داهاتووماندا بە هەر شێوەیەك بێت چاومان بە بەرێز کاك نێچیرڤان بارزانی بکەوێت بۆ ئەوەی زۆر شتی بۆ روون بکەینەوە تاکو لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو شتەکان بێت.

دەربارەی چارەنووسی سیدییەکەش سەرچاوەکە رایگەیاند: ئێستا سیدییەکە لای هەڵکەوت زاهیرە و بیستبومان بە



نیاز بوون لەگەڵ کۆمپانیایەك رێك بکەون بۆ فرۆشتنی،بەڵام تا ئێستا هیچ زانیارییەکمان دەربارەی نییە و نازانین چارەنووسی چی دەبێت

لە کۆتاییشدا ئەو سەرچاوەیە گوتی: ئێستا باخان کاتی خۆی بۆ خوێندنی خۆی تەرخان کردووە لە کۆلێژی پزیشکی و ئەو بارودۆخەی ئێستا هونەری کوردی و قورغ کردنی لە لایەن هەندێك کەسەوە بە ویست و ئارەزووی خۆیان بە تەواوی بێزاری کردووە بۆیە بریاریداوە لە هونەر دوور بکەوێتەوە.

### هونەرمەند هادی محمود بۆ گوڵان:

# لەبەشی سێهەمی گەردەلوولدا بەهەمان شێوە رۆڵی عەریف حەمە تاڵ دەبینم

**هونەرمەند هادی مەحمود ئەکتەرێکی بەتوانای بواری هونەری نواندنە، دەرکەوتنی ئەم لە درامایی گەردەلولەوە سەری هەڵدا و توانی بە رۆڵی عەریف حەمەتاڵ سەرکەوتنێکی باش بەدەست بهێنێت بۆیەش بە چاکمان زانی لەم دیدارەدا هونەرمەند بەسەر بکەینەوە**

دیمانە / سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com



لە سەرەتادا هونەرمەند هادی مەحمود بەم شێوە بۆ گۆڤاری گوڵان دواو گووتی: من لە ساڵی ١٩٧٠ لە گەرەکی سابون کەرانی شاری سلێمانی هاتوومەتە دنیاوە خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی سورکێو و ناوەندیم لە قوتابخانەی کاژاو تەواو کردووە بەهۆی خراپی باری ئابوری و سیاسی بۆم نەلواوە درێژە بە خوێندن بدەم هەرچەند من بۆ خۆم قوتابییەکی زیرەك بووم، بەڵام هەل و مەرج ئەو کاتە وای کرد کە من نەتوانم درێژە بە خوێندنەکەم بدەم من لە ساڵی ١٩٨٧ وەك دەستم بە کاری کتیب فرۆشتن کرد لە بەر دەرکی سەرای شاری سلێمانی هەتا راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ و لە دوای راپەڕینیشەوە من هەر بە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەوە خەریك بووم تا ئەو کاتەی دەتوانم بلێم کاری خوێندنەوە و ئەدەب و ڕۆمان لەگەڵ خوێنمدا تێکەڵاو بووە من لە سیانزە ساڵیدا رۆمانم خۆیندۆتەوە لە تەمەنی ١٨ ساڵی و ١٩ ساڵیدا زۆر شتی باشم خوێندۆتەوە دەتوانم بلێم خوێندنەوە و نووسین حەزو خولیایەکی منداڵی من بووە تا ئیستا شەوانە ئەگەر زیاتر لە ٤٠ تا ٥٠ لاپەرە نەخوێنمەوە ئەوا ناتوانم ئەوە شەوە بخەوم ئەوەندەی من خەیاڵم لای کاری ئەدەبی بووە خەیاڵم لای کاری هونەری نەبووە هەرگیز لە خەیاڵمدا نەبووە رۆژیك لە ڕۆژان بکەوومە بەر کامێرا و رۆڵ ببینم بەقەد ئەوەی من بتوانم چیرۆك نووسێکی باش بم یان ئامانجی ئەوەم هەبووە رۆمان نووسێکی باش بم یان شاعیرێکی باش بم من هەمیشە ئەرکێکم هەیە لە ژیاندا دەمەوێت هەر کارێك دە دەیکەم شوێن دەستم پێوەی دیار بێت ئەگەر ویستم شیعرێك بلێم بەڕاستی شیعر بێت ئەگەر وویستم چیرۆکێك بنوسم چاوی چەندین خوێنەر بۆ ئەو چیرۆکە ڕابکێشم ئەگەر نەمتوانی ئەوا بەڕاستی واز دەهێنم یانی خوێنەرێکی باش بم، تۆ کتێبك بخوێنیتەوە ئەوەش هەر جێی دەست دیار بوونە لەبارەی کاری هونەرییەوە من لە ساڵی ١٩٩٧ وە ئاوێتەی دنیای کاری هونەری بووم کە ئەو کاتە لە فیلمی ژیانی حەسەن زیرەك بەشداریم کردووە وە لە فیلمی ٢٤ کاتژمێر کە تایبەت بوو بە ئازارەکانی ئەنفال بەشداریم کردووە دوابەدوای ئەوە بەشداریم لە فیلمی نامەیەك بۆ دۆلفین و درامایی گەردەلوول کە ڕۆڵی عەریف حەمە تاڵم هەبوو.

*** چۆن بیرت لەوە کردووە بەشداری لە درامای گەردەلوول بکەیت؟**

- خۆی لە ڕاستدا وا بڕیار بوو کە من لە پشت کامیراوە هاوکاری کاك جەلیل بکەم و چاودێری دەق بووم لە بەشی یەکەم دا و لیژنەی بەرهەم و ئیکسیسوار بووم وەك یاریدەدەرێك لەگەڵ کاك جەلیلدا کارم لە گەردەلوودا کرد دوای ئەوەی من چەند جارێك دەقەکەم خوێندبۆوە وە کاك جەلیلیش پی باش بوو کەوا من رۆڵی عەرف حەمە تاڵ ببینم ئەوا من توانیم بەو رۆڵە هەستم و بەمەرجەی بتوانم من کارەکتەرەکە ببینم ئەگەر نا من حەزی ئەوەم نەبووە تەنها دەربکەوم بۆیە ئەمەوێت سەرەتا ئەو رۆلەی کە لە گەردەلوولدا بەمن درا لەسەر خواستی کاك جەلیل زەنگەنە بوو، چونکە دوا جار سیناریست بەر پرسیارە لە ئەنجامی کارەکە.

***جگە لە رۆڵی عەریف حەمە تاڵ حەز لە چ رۆلێکی تر هەبوو لە ناو دراماکەدا ؟**

من کاتێك سیناریۆکەم خوێندەوە حەزم بە کارە ئەکتەری ساڵە بوو کە پیاوێکی ورگنی نەووسن بوو، بەڵام دوایی کە کاك جەلیل باسی کارەئەکتەری حەمەتاڵی کرد ووتم بەڕاستی کارەئەکتەرێکی سەیرو بە توانایەکی باشی دەوێت دوا جار بڕیارم دا رۆلی عەریف حەمەتاڵ ببینم.



***تا چەند هەستت بە سەرکەوتن کرد لە کارەکەدا ؟**

-هەموو کارێك سەرکەتوو بیت یان سەرنەکەتوو دەگەڕێتەوە بۆ ڕای ئەو خەڵکەی کە کارەکەی بینیوە من ئەتوانم بڵێم سەرکەوتوو بووم بەهۆی ئەو هەموو پیرۆزبایی دەستخۆشییەی لێم کرا وە بەوەش دڵخۆشم و برای دەرهێنەر ڕای لەسەر ڕۆلەکەی من زۆر ئیجابی بوو .

***هەڵسوکەوتی دەرهێنەر لەکاتی وێنەگرتنی گەردەلوول لەگەڵ ئەکتەرەکاندا چۆن بوو ؟**

- هەموو جۆرە هەڵسوکەوتێکی کاك جەلیل لە کاتی وێنە گرتنی گەردەلوولدا هەمووی لە خزمەتی گەردەلوودا بووە بەدەر نەبووە لە هەڵسوکەوتی نا هونەری ڕەنگە هەندی جار هەڵچوون و داچوون هەبووبێت، بەڵام نەیهێشتووە کارەکە بە سادەیی بڕوات بەڵکو هەوڵی سەرکەوتنی کارەکەی داوە .

***هەندێك پێیان وابوو گەردەلوول کەموکوڕی مێژوویی هەبوو تۆ لەو ڕووە چی دەڵێیت ؟**

-خۆی ڕەخنە لە ئەکتەرەکان نەگیراوە بەقەد ئەوەی ڕەخنە لە سیناریۆکە گیراوە بۆ وەڵامی رەخنەش لەسەر سیناریۆکە تەنها یەك کەس بۆی هەیە وەڵام بداتەوە ئەویش کەسی سیناریستە ئەوەی من دەتوانم قسەی لەسەر بکەم تەنها ڕۆلی خۆمە ئەگەر ڕەخنەیەك هەبێت دەتوانم وەڵامی بدەمەوە.

***ئەی تۆ لە ڕۆلەکەی خۆت کەس ڕەخنەی لێنەگرتوویت ؟**

-نەخێر تا ئێستا جگە لە دەست خۆشی کەس ڕەخنەی لێم نەگرتووە، حەزم دەکرد کەسێك رەخنەی هەبوایە تا ئەگەر کەم و کوڕییەك لە کارەکەمدا هەبوایە کارم لەسەر بکردایە .

***درامای گەردەلوول گۆمی مەنگی درامای کوردی شڵەقاند ئەمە بۆ توانای دەرهێنەر دەگەڕێتەوە یاخود مێژووی پڕ سەرەوەریی گەلی کورد کە لەو سیناریۆیەدا ڕەنگی داوەتەوە ؟**

-من باوەڕم وایە چەند خاڵێك وایکردووە کاریگەری باشی هەبێت لەسەر درامایی کوردی ئەمەش پێم وایە مێژووی پڕ سەروەری گەلی کورد کە خودی ئەو مێژووە لە هزر و بیری زۆربەی زۆرماندا ماوەتەوە .هەموو بیری ئێمە پڕە لە شۆڕش و خاڵێکی تر باسی مێژوویەك دەکات کەوا هەموومان بەر پرسیارین لێی و هوکارێکی تر ئەوە کەوا نکوڵی ناکرێت لە تواناو لێهاتوویی کاك جەلیل زەنگەنە

*** کاك جەلیل زەنگەنە ئیستا لە خۆ ئامادەکردندایە بۆ وێنە گرتنی بەشی سێهەم تۆ لەم بەشەدا بەشداریت هەیە ؟**

- بەدڵنیاییەوە لەبەشی سێهەمی گەردەلوولدا بەهەمان شێوە رۆڵی عەریف حەمە تاڵ دەبینم، لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەشی سێهەمی گەردەلول زۆر گشتگیرترە هەم لە ڕووی جوگرافیاوە هەم لە ڕووی مێژووییەوە و ژمارەی ئەلقەکانی بریتی دەبێت لە ٦٠ ئەڵقە، هەروەها لەڕووی کاری هونەریەوە زۆر جوانتر و پێشکەتووتر دەبێت، سەبارەت بە خۆیشم هەوڵ دەدەم ئەو بڕوا و متمانەیە جەماوەر بەمنی بەخشیوە نەیدۆڕێنم.

*** جگە لە گەردەلول چ پرۆژەیەکی هونەریت لەبەردەستە ؟**

-پێم وا نییە ئەگەر تۆ دوو قەسیدەی جوانت نووسی ئیتر تۆ وەزیفەت شیعرە من پیم وایە ئەگەر توانیت لە ١٠ساڵ جارێکدا یەك قەسیدەی جوان بنووسیت ئەوە کارێکی باشە لە بواری هونەریشدا باوەڕم بە زۆریی و بۆری نییە، هەروەها باوەڕم بەوە نییە لەبەر ئەوەی لە گەردەلوودا بەشداریم کردووە و تێیدا سەرکەوتوو بووم ئیتر هەر کارێکی دراما هاتە بەر دەستم بەشداری بکەم، بەڵام ئەو بەشداری کردنەم تەنیا بۆ بەشداری کردن بێت و هیچ نەتوانم ئیزافەیەك بخەمە سەر درامای کوردی و من هەر بەشدارییەك بکەم وەك ڕۆڵی خۆم دەبێت ئیزافەیەکم هەبێت دەنا بەو بێدەنگییەی خۆمەوە دانیشم باشترە .

*** گرفتی ئێمە لە بواری دراما چییە ؟**

- ئیمە گرفتێکی گەورەمان هەیە لە بواری سیناریۆ نوسی باش و کەمی دەرهێنەری باش وە لە ڕووی ئامیری هونەری باشیشەوە زۆر لاوازین و تائیستا دەزگایەکی سینەمامان نییە، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی سیناریۆ گرفتێکی گەورەیە بۆ دەرهێنەرەکان، هەروەها پێشنیارم ئەوەیە ئەدەیبە باشەکانمان چەند بابەتی مێژووییمان هەیە بیکەن بە سیناریۆی باش تا کاری لەسەر بکرێت و بایەخ بە توانا و بەهرەکانی هونەری بدرێت و پێویستمان بە ستۆدیۆی باش و شارێکی هونەری هەیە و پێویستمان بە وورك شۆپی باش هەیە بۆ پێگەیاندنی کادری هونەری لەهەموو بوارەکان، هەروەها پێویستە فلتەرێکی باش هەبێت بۆ جیاکردنەوەی کارە باشەکان لە کارە خراپەکان ئەمەش لە ڕێگای لیژنەیەکی پسپۆڕەوە.

*** پەیامی کۆتاییت بۆ خوێنەرانی گوڵان چییە؟**

- من ئەوە دەڵێم ئەگەر کارێك هەبوو چاوی بێنەرانی ئازیز ئاو بدات ئەوا ئەو کارە دەکەم ئەگەر نا با ئەو چاوەی ئەوان بە جوانی بمێنێتەوە و هەوڵ بدەم ناشرینی نەکەم .

## بژار دیلان:

# تا ئێستا حکومەت ستۆدیۆیەکی وای نییە کە سەرکردەکانمان وتارەکانیان تێدا پێشکەش بکەن

**هونەرمەندی موزیسیان بژار دیلان یەکێکە لەوانەی لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندە کوردەکانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان کاری کردووە چ وەك موزیسیان یان وەك ئەندازیاری دەنگ و شارەزایەکی ئەو بوارە بۆیە ناوێکی نامۆ نییە لە بواری هونەری، ئەو سەردەمێکی زۆرە خەریکی خزمەت کردنە بە هونەری کوردی و بڕوایەکی تەواوی بەوە هەیە کە ئێمەی کوردیش دەتوانین وەك میللەتانی دیکە سەرکەوتوو بین لە بواری بوونی ستۆدیۆ و هۆکارەکانی دەنگ بەجۆرێك کە پێویستیمان بەوە نەبێت بۆ تۆمار کردنی گۆرانی یان کلیپێك تەنانەت بەرهەمێکیش روو لە دەرەوە بکەین، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستە ئەم کارە لەنێو وڵاتی خۆماندا بکرێت و لەو رووەوە پارەیەکی زۆریش بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، لەو روانگەیەشەوە دەمێکە خەریکی دروستکردنی ستۆدیۆیەکی تایبەتە لە شاری هەولێر سەبارەت بەم بابەتە و چەند بابەتێکی تایبەت بە موزیکی کوردی بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**



**سەرەتا بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن:**

لە ساڵی ١٩٩٢ کە لە سوید بووم ئەو کاتە هەستم کرد کە دەبێت ستۆدیۆیەکی کوردی دابمەزرێنین. دوای ساڵێك واتە ساڵی ١٩٩٣ دەستم کرد بە دانانی ستۆدیۆیەك لەشاری ستۆکهۆڵم، ئامانجم ئەوەبوو ستۆدیۆیەکی کوردی هەبێت بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانی خۆمان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سیدی تۆماربکرێن بە تەنها خۆم ٨٧ سیدی کوردیم هەیە، سیدی فارسی و عەرەبی و تورکی و سویدیش هەیە کە تا ئێستا ژمارەیان دەگاتە ١٤٦ سیدی لە ساڵی ١٩٩٣ تاکو ئێستا. زۆر کەس پێیان وایە مۆسیقای کوردی لەو ئاستەدا نییە بەپێچەوانەوە من مۆسیقای کوردی لەئاستێکی زۆر باشدا دەبینم، گۆرانیبێژەکانمان، ئاوازدانەرەکان و ئەوانەی کاری دابەشکردنی مۆسیقا دەکەن لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە بڕوامان بە خۆمان نییە، لەوانەیە کەسێك کە لەبواری هونەردا کاربکات لە ئێران بێت یان تورکیا ئەوا ئێمە بە گرنگتری دەزانین لە خۆمان بەداخەوە ئەمە لەناو هونەری کوردی بوونی هەیە، من پێم وایە مۆسیقای کوردی لە ئاستێکی زۆرباشدایە، ئێمە هەموو کاتێك بەراوردی خۆمان و تورکیا دەکەین، تورکیا وڵاتێکە هەشتا ملیۆن کەسی تێدا دەژیت ئەگەر تەنیا دە ملیۆن کەس سیدییەکان بکڕن ئەوا بازاڕێکی زۆرباشیان دەبێت، بازاڕی ئێمە بچووکە، ئێمە دەبێت بەراوردی کوردستان بکەین لەگەڵ ئوردن،لیبیا،یەمەن،سعوودیە، ئێمە لەوانە هەموویان باشترین. بە سەدان سیدی و کلیپی کوردی هەن، چەند سیدی سعوودی هەیە وڵات هەیە سێ چوار گۆرانیبێژی هەیە، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بەراورد بکەین ئەوا مۆسیقای کوردی قۆناغێکی زۆرباشی بڕیوە.

*** کەواتە هونەرمەندانی ئێمە بۆچی بچنە تورکیا بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان؟**

_هاتنەوەی من یەکێکە لەو هۆکارانە، هەستم کرد دەبێت ستۆدیۆیەك هەبێت لە هەولێر لەبەر ئەوەی لە هەموو لایەنە هونەرییەکان باشین، تەنها پێویستمان بەوەیە بڕوامان بەتوانای خۆمان هەبێت، ئەو بڕوایەش دروست دەبێت چونکە تا ئێستا ستۆدیۆیەکی باش نەبووە لەهەولێر، ستۆدیۆ ڕۆڵێکی زۆرباش دەبینێت تۆ با دەنگت خۆش بێت و موزیکژەنی بەتواناشت لەگەڵدا بێت ئەگەر ستۆدیۆیەك نەبێت بەجوانی بۆت تۆمار بکات ئەوا کەموکورتییەکی گەورە دروست دەبێت، بۆیە ستۆدیۆ زۆر گرنگە بۆ سەرکەوتنی بەرهەم. ئێستا هەولێر و کوردستان پێویستی بە ستۆدیۆیەکی باش هەیە، ئەمەش پێویستی بە کات هەیە، لەوانەیە دوو سێ ساڵ ببات هەتا ئەو گۆرانیبێژانە بۆیان دەردەکەوێت کە دەتوانین لە کوردستان شتی جوان بکەین،محەمەد عارف و شەماڵ سائیب و تایەر تۆفیق کوردبوون و موزیکژەنەکان کوردبوون،مۆسیقای کوردی هەر هەبووە، نە

فارس و نە تورك بوون مۆسیقایەكەیان كوردی بووە، ئەوەی توركیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەرزانە و پارەیەكی كەمی تێدەچێت بەڵام كوالێتیی هەر وەكو یەكە، ئەو بەرهەمانەی لە توركیا تۆمار دەكرێن لەكۆتاییەكەیدا هەست دەكەی هەموویان وەك یەكن، چونكە بە دڵ نایكەن.

***ئەوانەی لەتوركیا ئەو كارانە دەكەن كوردن؟**

_ئەوانە هەموویان توركن هیچ مۆسیقاری كوردییان تێدا نییە، لەو گرووپانە كامەیان كوردە بۆ نموونە.

***مەبەستم ئەوەیە زۆر هونەرمەند دەڵێن كە دەچینە توركیا لەگەڵ كوردەكان كار دەكەین؟**

_ئەمە وا نییە، من لەوێ بووم دەزانم تورك ئەگەر پارەی پێ بدەی دەبێتە كورد، دەبێتە عەرەب، بەوە نییە كە موجامەلەت دەكات دەڵێت كوردم، وانییە با ئەو درۆیە لەگەڵ خۆمان نەكەین. بەڵام من تێكەڵكردنی مۆسیقای كوردی لەستۆدیۆكانی توركیا بەتاوان نازانم، من دژی ئەوە نیم، بەڵام من دژی ئەوەم میلۆدییەكی ١٠٠٪ عەرەبی یان فارسی یان توركی بكرێتە كوردی.

***ئەو پرۆژەیەی تۆ هەتە و لەوانەیە هونەرمەندانی تریش پرۆژەیان هەبێت، ئەگەر بەڕاشكاوی پێمان بڵێی ئەوە ئەركی هونەرمەندە یان ئەركی لایەنی پەیوەندیدارە؟**

_ستۆدیۆ ئەركی كەرتی تایبەتە نەك حكومەت، لە سوید كردنەوەی ستۆدیۆ ئیشی كەرتی تایبەتە، بەڵام حكومەتیش دەبێت ستۆدیۆیەكی باشی هەبێت، تا ئێستا حكومەتی كوردستان ستۆدیۆیەكی نییە كە دەبووایە هەیبێت، مەرج نییە ستۆدیۆ تەنها بۆ تۆماركردنی گۆرانی بێت، وتاری سەرۆك كە ساڵانە لەنەورۆزدا یان لەكاتێكی گرنگدا پێشكەشی دەكات بۆ خەڵك دەبێت لە ستۆدیۆیەكی باشدا تۆماربكرێت یان كاتێك میوانێك دێت،، من خەم دەخۆم كاتێك سەركردەیەكی كورد بە مایكرۆفۆنێكی چینی سەد دۆلاری قسە دەكات.

***تۆ دەڵێی لە سوید كردنەوەی ستۆدیۆ ئیشی كەرتی تایبەتە، ئەگەر ئەو بەراوردە بكەین لەنێوان كوردستان و سوید لەوانەیە ڕەوا نەبێت، پێت وایە ئەركی حكومەت لەم قۆناغەی ئێستادا چییە لەڕووی هونەرییەوە؟**

_ئەركی حكومەت ئەوەیە كولتووری میللەتی كورد بپارێزێت، دەزگایەكی كولتووری هەبێت لەسوید وەزارەتێك هەیە كاری ئەوەیە ساڵانە چەند جارێك سیدی بۆ مۆسیقای كلاسیكی و فۆلكلۆری سویدی بەرهەم دەهێنێت.دەبێت وەزارەتی ڕۆشنبیری كولتووری میللەتی كورد بپارێزێت وەك مۆسیقا،زمان..

***لێرە هونەرمەندان بەدەست نەبوونی كۆمپانیا و كەرتی تایبەتەوە دەناڵێنن، هەرچەندە كۆمپانیای هونەری هەیە بەڵام لاوازە یان بەپێی پێویست نییە، بە ڕای تۆ ئەركی ئەو كۆمپانیا هونەرییانە چییە؟**

_ئەو كۆمپانیایە كە دە هەزار دۆلار تەرخان دەكات بۆ سیدیەك ئەگەر پارەكەی بۆ هاتەوە ئەوا بەردەوام دەبێت،چەندین كۆمپانیا درووست بوون پارەیان بۆ نەهاتەوە كە لەكارەكان خەرجیان كردبوو، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەكوردستان مافی چاپمان نییە، ئەوە كێشەیەكی هونەری گەورەیە، بۆ نموونە هەولێر پڕە لە دووكانی فرۆشتنی سیدی، كابرا نە خزمی گۆرانیبێژە نە بە خۆی گۆرانیبێژە نە مۆسیقیبە دووكانێك دادەنێت بەرهەمی هونەرمەندان كۆپی دەكات و ئاسوودەیە و ژیانی زۆر خۆشە. ئەمە غەدرێكی گەورەیە لە هونەرمەند دەكرێت، ئەگەر حكومەت مافی چاپ دابنێت ئەوە ڕوونادات.

***تۆ باست لە ئەوانە كرد كە سیدی دەفرۆشن ئەی سەبارەت بە گوێگران چی دەڵێی كاتێك بەرهەمی كۆپی دەكرن؟**

_بە دەگمەن ئێمە ئامێری باشمان هەیە بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقا، لەماڵەوە یان لەناو ئۆتۆمبێل، جگە لەمەش گوێگری كوردی هێشتا ماوەیەتی و پێویستی بە كات هەیە، هەیە بەڵام كەمە.

***لێرەدا ئێوەی هونەرمەند و ئێمەی ڕاگەیاندنكار و دەسەڵات چی بكەین بۆ ئەوەی جۆرێك لە وشیاری لای گوێگری كوردی درووست بكەین؟**

_چۆن لە تەلەفزیۆن ڕیكلام دەكرێت كە دەڵێت عێراقیم عێراقم خۆشدەوێت بەیەكەوە عێراق درووست دەكەینەوە دەبێت بەو شێوەیە خەڵك هۆشیار بكەینەوە، زۆر وڵات هەن بەهۆی هونەرەوە داهاتێكی زۆریان دەست دەكەوێت،ئێمەش بەرهەمی زۆرمان هەیە و كاتی ئەوە هاتووە چاو لەو وڵاتانە بكەین، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم هەتاكو مافی چاپ دەرنەچێت ئێمە هیچمان پێ ناكرێت.

*** ئەگەر باس لە پرۆژەكەی تۆ بكەین، بیرۆكەی پرۆژەكە چۆن درووست بوو، بیرۆكەی خۆت بوو یان هی هونەرمەندی تر، كێ ئامادەیی پیشان داوە بۆ ئەوەی هاوكاریت بكات؟**

_نزیكەی پێنج شەش ساڵ دەبێت پلانم بۆ داناوە، هەموو ئەو ئامێرە پێشكەوتووانەم هێناوەتەوە كە حەزم دەكرد سوودیان لێ ببینم، ستۆدیۆیەكی زۆر خنجیلانە و جوان دادەنێم بۆ كاری تۆماركردن و دابەشكردن و ئامادەكردن و ماسترینگ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژارە لەبواری سوود وەرگرتن لەماسترینگ، تەنانەت لە توركیا سیدیەكان دەنێرنە ئەڵمانیا و بەریتانیا و سوید بۆ ئەوەی كاری ماسترینگان بۆ بكرێت. خۆم بە كارەكە هەستاوم، باشترین و تازەترین پرۆگرام بەكاردێنم، لەڕووی مادییەوە تەنها خۆم پێی هەستاوم لەڕووی مەعنەوییەوە زۆر لەهاوڕێ و موزیكژەن و هونەرمەندان دەستخۆشییان لێ كردووم.حكومەتیش هاوكاری نەكردووم ئەگەر داوام كردبا لەوانەیە هاوكاری كرابام بەڵام داوام نەكرد، باسی وەزارەتی ڕۆشنبیری ناكەم باسی بەرزتر دەكەم.

***بەنیازی كار بۆ كام ئەلبوم بكەی لەسەرەتادا؟**

_هەندی سیدی هونەرمەندانم لایە ئەو كاتەی لەسوید بووم هێشتا تەواو نەكردوون دەبێت تەواویان بكەم، جگە لەمەش لەسلێمانی تەلەفۆنم بۆ كراوە بۆ ماسترینگنگ، ئەگەر تەنها ماسترینگ بكەم بە ماوەیەكی كەم كۆتایی پێ دێنم بەڵام حەز دەكەم كاری دابەشكردن و تۆماركردن و ئامادەكردنیش بكەم.

***هەر بەرهەمێك چەند خەرجی بۆ هونەرمەندی كورد دەگەڕێتەوە لەجیاتی ئەوەی بچێت لەوڵاتێكی تر تۆماری بكات؟**

_ئەو خەرجیەی لە من سەرفی دەكات بۆ نموونە ئەگەر لە حكومەتی وەرگرتبێت پارەی شەهید و هەڵەبجە و ئەنفال و هەزاران بارزانی و پێشمەرگەیە، ئەو پارەیە دەبەی لە سەر سنوور فیزای پێ دەكڕیت، دوای ئەوە سواری تەكسی دەبیت یان پاس، لەڕێگا نان دەخۆی، لە ئوتێل دەخەوی، ستۆدیۆ دەگریت، ئەمە هەمووی پارەیە دەدرێتە خەڵكێك كە لە دەرەوەی سنووری كوردستانە و لە دژی تۆیە، لەم كاتانەدا دەبێت ناسیۆنالیزمانە بیربكەینەوە، چونكە پارەی خۆمانە و دەبێت لێرە خەرجی بكەین. لەسوید دەزگایەك هەیە ساڵانە هاوكاری هونەرمەند دەكات بەڵام بەو مەرجەی پارەكە لەناو سوید خەرج بكرێت و بدرێتە هونەرمەندی سویدی. لێرە پێی دەڵێن بەكەیفی خۆت بە چی لەپارەكە دەكەی ئەویش دەچێت پارەكە دەداتە تورك یان فارس یان عەرەب.

***ئەگەر بێینە سەر ژمارە، تۆماركردنی بەرهەمێك لە توركیا و لەستۆدیۆكەی تۆ چەند جیاوازی هەیە؟**

_ بە نیوەی ئەو پارەیە تەواو دەبێت كە لە توركیا بۆ تۆماركردنی بەرهەمێك خەرجی دەكات.